# دوێنیٚ ڕێبوار ئەمڕۆ فەرهاد !



دکتۆر فەرهاد پیربالٚ تەنیا ناوی ماموٚستایەکی زانکۆ نیە ، ناوی شاعیرێک و ڕۆشنبیرێکە کە لەلایەن زۆربەی خەلکی کوردستانەوە ناسراوە .

ئەو کاتەی یەکێتی و پارتی گەنجانی هەولێرو سلێمانیان لە سەر سوتاندنی ئالاّی تورکیا دادگایی دەکرد ، ئەو پۆلیٚ قوتابی زانکۆی لە گەلٚ خۆی بردە سەر سنورو بە هەر هەموویان بە ڕووتی لە بەردەم هاتنی سوپای تورکیا لە سەر ڕێگا مانیان گرتبوو ، ئەو کەسێکە شەیدای ئازاد بوونە ، ئەم شەیدا بوونە چ بۆ دەسەلاّتداران ، چ بۆ بالیٚ کۆنسێرتیڤی کۆمەلگەی کوردستان قابیلی تەحەمول کردن نیە ، تێک شکاندنی چوار چێوەکان و دیوارەکان ، سەنعەتێکە فەرهاد لە پالٚ چەندین دەنگی تر لە کوردستان ، چەندین جار کردوویەتی بە کێشەیەکی گەورە و خەلکی بۆ سەپۆرت کردنی دەنگیان داوەتە پالیٚ ، هەندیٚ جاریش وەکو موغامەرەچیەکی تا سەر ئێسقان پاک و دلسۆز ، بۆ حەقیک کە قەناعەتی پێبووە ، بۆ نوێخوازیەک کە سواری کەللە سەرکێشەکەی بووە شەڕی گەورەتری تووش بووە ، فەرهاد بیٚ ئەوەی زۆر لەم شەڕانەی هێشتا تەواو کردبیٚ ، شەڕێکی تازەو گەورە یەخەی گرتووە ، شەڕی ئەمجارەی فەرهاد تەعبیرێکی زۆر سادەی مێژووی تازەی دەسەلاّتی سیاسی کوردە ، بۆ کۆنکریت کردنەوەی هەموو ئەو دەنگ و دیاردانەی ، گومان دەخاتە سەر پایەکانی پاوان کردنی ووردو درشتی کۆمەلگە ، دەسەلاّتدار زۆر خێراتر لە ڕای گشتی و لە دەنگی عەقلانیەتی نێوەندی ڕۆشنبیرانی کورد ، دەیەویٚ بە کپ کردنی دەنگی گومان ، جەولەکانی ئەم شەڕە یەکە یەکە بە قازانجی خۆی تۆمار بکە ، دەسەلاّتداری کورد دەزانیٚ زەمانە گۆڕاوە ، خۆ دەیەی نەوەدەکان نیە مەفرەزە بنێریٚ و ( کامل ڕەئوف و ڕێناس لە بادینان ، یا بەکر عەلی لە پەنای دیواری پارێزگای سلێمانی ) تیرۆر بکەن ، ئەمجارە لە ڕێگای ئیجرائاتی ئیداریەوە بە تەریک کردنەوەیان ، دەیانەویٚ تیرۆری مەعنەویان بکەن ، شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و ڕێبوار سیوەیلی چەندین دەنگی تر ، هەریەکەیان بە میسوٚدو کەرەستەی جیاواز نوێنەرایەتی هەناسەکانی ئەم گومانە دەکەن ، بۆیە کامەیان دەگری لە مەیدانیکا سەرقالیٚ داهێنانێکن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕی تازەیان بە دیاری بۆ دینیٚ ، کێشەی دکتۆر فەرهادیش کە دەیانەویٚ بڕیاری هیچ و پوچی ئیداری بە سەردا بسەپێنن ، ئەنجام و ئاقیبەتی شەڕەکانی دوای داهێنان و سەنعەتی گومان دروست کردنە ، ئێمە وەکو دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان ، دەنگی گومانی فەرهاد لە بەرامبەر کۆمەلگەو بالورەکانی دەسەلاّت ، بە دەنگی خۆمانی دەزانین ، بڕیارو پلانەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاّحەدین سوک و ڕیسوا دەکەین .

**دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان**

**ئۆکتۆبەری** 17 /2005